# کچێك منداڵی دەبێت

**تامان شاکر- هەولێر**

**بەپەرۆشەوە لەچاوەڕوانیدا بووم هەتا ئەو کچە ببینم کە لە دوورەوە زانیاریم لەسەری وەرگرتبوو، لە رامانێکی سەیردا بووم، لەپڕ خۆی کرد بە ژوورەکەدا. رەنگی تێکچووبوو، ترس لە چاوەکانی دەباری، ئەگەر توانای ئەحمەد هەردی یان گۆرانی شاعیرم هەبووایە، ست فاتیمە یان لە (درزی پەچەوە)ی گۆرانم دەهۆنییەوە. کچەکە بەژنێکی رێك و پەیکەرێکی‌بێگەردو سیمایەکی شۆخو شەنگی هەبوو، بەشەرمەوە قسەی دەکردو خۆی وەك تاوانبارێك دەهاتە بەرچاو ئەوەش تا رادەیەك لە جوانییەکانی دەشاردەوە.**

**"وێنەم مەگرن، ناوم مەهێنن، من قوربانیمو قوربانی عەشقێکی درۆزنم، ئەو عەشقەی لەهەموو کەسم دەشاردەوە، یاری بە چارەنووسم کرد، دایکم ئاگای لە من نەبوو، نەیدەتوانی ببێتە هاوڕێم و گوێم بۆ بگرێ، نەمدەزانی دەردی دڵم بۆ کێ باسبکەم، ئەو دکتۆرانەش من سەردانم کردن، ئەوەندە شارەزا نەبوون هەتا بتوانن زوو ڕاستیەکەم پێبڵێن و خۆم و بنەماڵەکەم لەم حەیاچوونە رزگار بکەم ترس سەرەتاپای ژیانمی داگیرکردووە، لێرە بڕۆم دەمکوژن، شەرەفی بنەماڵەم لەکەدار کردووەو بەرهەمی ئەو حەیاچوونەش منداڵێکەو ژیانمی شێواندووە، شەو تا بەیانی دەگری، نازانم بۆ من دەگری یان بۆچارەنووسی نادیارمان، هەموو هێزی مانەوەم لە ژیاندا ئەو منداڵەیە، ڕەنگە تێر نەیگرمە باوەش، بەڵام شەوانە بەچاوی گریانەوە چیرۆکی ناپاکیی باوکی بۆ باسدەکەم، فێری دەکەم وەك ئەو نەبێت".**

**ئەوانە قسەکانی ئەو کیژە لێقەوماوەیە کە بە باشم زانی بێناو بێتو ئێستە لەیەکێك لە بنکە چاکسازییەکانی شاری هەولێردایەو هەر لەوێش ئەم دیمانەیەم لە گەڵ رێکخستو چاوم پێیکەوت. ئەو بەدەم هەنسکی گریانەوە بەسەرهاتی خۆی بەمجۆرە باسکرد: " ئێوارەیەك کەسمان لە ماڵ نەبوو، تەنها خۆمو خوشکێکی بچوکم لە ماڵ بووین، زەنگی مۆبایلەکە لێیدا، خۆی بوو، منیش بە سادەیی‌و بێئەوەی بیر بکەمەوە، گوتم: تەنهام کەسمان لە مال نییە، لە ماوەیەکی زۆرکورتدا خۆی گەیاندە ماڵی ئێمەو گوتی ئەمشەو لێرە دەمێنمەوە، منیش تکام لێکرد کە ماڵەکە بە جێبێڵێ و بڕوات، بەڵام ئەو خۆی دا لە نەخۆشی و گوتی ناڕۆم، بە هەر حاڵ شەو لە ماڵی ئێمە مایەوەو منیش لە دیوێکی‌تر جێگام بۆی داخستو گومانم لە باوکی خۆم کردبێت گومانم لەو نەدەکرد، ئەو ژوورەی من خۆشکەکەم لێی نوستبووین دەرگاکەی دانەدەخرا، وەختێك لە نیوەی شەودا جیڕەی دەرگاکە هاتو وەخەبەر هاتم، هەرچەندە بانگم کرد کەس وەڵامی نەداوە، زۆر تاریك بوو، هەر چەندە بانگی خۆشکەکەشم کرد هیچ جوابێکی نەدامەوە، وەختێکی چاوم کردەوە هاتبووە سەر سەرم، منیش قیژاندم، بەڵام ئەو زوو دەمی گرتم، تەسجیلێکەش لە سەر پەنجێرەکە بوو کوژابووەوە، دەمی منی گرتو منیش هیچ جووڵەم پێنەکرا..**

*** چ دەرمانێکی پێبوو بێهۆشت بکات؟**

**– وەڵڵاهی نازانم، ئەوەندەم لە بیرە زۆر تێکچووبووم، کوڕەکەش زۆر تێکچووبوو، ئاگامان لە خۆمان نەمابوو کە هوشیار بوومەوە گوتم شتێکم لێهاتووە، کوڕەکە گوتی هیچ نەبووە، خۆ من هیچم لێنەکردووی، بەڵام من خوێنم هەبوو، هەموو قەلبم ئێشی هەبوو، نەمدەتوانی هەستمەوە، کوڕەکەش لە ژوور سەرم بوو هەر دەگریا، من نەمزانی‌کوڕەکە بۆچی دەگریا، تا خۆی گوتی هەموو شتێك لە دەستم دەرچوو بەس پەشیمانم، منیش گوتم چ بووە، ئەویش گوتی چ نییە و لای کەس قسان نەکەی هیچ نەبووە خۆمان چارەسەری دەکەین. ئەو هەر خۆی لا**

دەدا، گوتم کا لایت پێبکە، کە لایتی پێکرد ئەوەی نەدبوو ببینم چاومان پێیکەوت ، ئەگەر لایتی پێنەکردبا حاشای لێدەکرد، کوڕە هەر لە ماڵمان بوو، گوتم هەر ئێستا خۆم دەکوژم، نەفتم بە خۆدا کرد، بەڵام ئەو نەیهێشت و هەر دەگریا، دوو رۆژ بوو تەلەفوونی بۆ دەکردم هەر دەیگوت قسە بۆ کەس نەکەی ئەگەر نا خۆم دەکوژم‌و لە پێشدا تۆش دەکوژم. من قسەم بۆ کەس نەکرد، نەمدوێرا دایکیشم ئاگادار بکەمەوە.

* پێوەندی تۆو دایکت چۆنە کە نەتوێرا ئەو بەسەرهاتتەی خۆتی بۆ بدرکێنی؟

– باشە، بەس من شەرمم لێدەکرد، چونکە ئەوکارە شتێکی خراپ بوو، چۆنی بۆ باس بکەم؟ هەموو کاتێك بە دایکم دەگوت ئەو کوڕە برای منەو حەزیشم لێدەکرد، دایکم هەستی پێنەدەکرد، کە چوومە لای دکتۆر یەکەمجار ملم دێشا، بۆ خۆم هەستم دەکرد سکم هەیە، بەس نەدەوێرام قسەی بکەم، دەهاتمە نەخۆشخانەی مێرگەسوورو دیانا دەیانگۆت هیچ نییە، ئێشەو بەرت دەدات. چوومە لای زۆربەی دکتۆرەکان فەحسی خوێن‌و میزو هەموو شتێکیان بۆ کردم، منیش چیدی لە خۆم نەترسام، گوتم مادام دختۆرەکان نەزانن کە واتە چ نەبووە، بەڵام دواتر هەزاران جوێنم بە دختۆراندا.

* دڵت بە منداڵەکەت خۆشە؟

– خۆزگە مردبام، بەڵام منداڵەکە چ سووچێکی هەیە، من خۆشم دەوێ.

* حەز دەکەی لە گەڵ باوکی منداڵەکەت ژیان بکەی؟

– بەڵێ، من حەزناکەم دوژمنداری بۆ بنەماڵەکەمان دروست بێت، هەردوولا خزمین، ئەگەر خزم نەبووینایە زوو دەهاتە چارەسەرکردن، بابی من گەورەی هەردوولایە، ئەو دەتوانێت چارەسەری بکات ئەگەرنا هەردووکمان دەکوژن. من حەز ناکەم لێرە بمێنمەوە, پێم خۆشە ئەو کوڕە نامەردی نەکات و بێت داوام بکات.

* بنەماڵەتان زانیویانە منداڵت هەیە؟

– حاڵم خراپ بوو، ، برایەکەم گوتی من لە ئیسعاف سەریعتر دەچم، خۆم دەیبەمە هەولێر، بەڵام دکتۆران گوتیان بە ئیسعاف بیبەن. لەخەستەخانەی دیانا دەرزی ژانیان لێدام، ژانم نەما هەتا لە هەولێر، لە تەواری فەحسیان بۆ دانام گوتیان بیبەنە وەلادە، دایکم گوتی بۆچی بیبەمە وەلادەی، ئەو کچە، دکتۆران گوتیان ئێمەش دەزانین کچە بەڵام لە خەستەخانەی وەلادە دکتۆری ژنان هەیە، لە وەلادە گوتیان مادام زوو زوو عادە نابێت نەوەك شتێکی لێهاتبێت ئەدی من زۆر ترسام، ساعەت چوارونیوی شەوێ فەحسی سۆنەریان بۆ کردم، دکتۆر گوتی عەیبی تۆ تەنها ئەوەیە زگت هەیە بۆ کەس پێی نەوتووی؟ راستییەکەی کاتێ ئەوەم بیست شێت بووم، گوتمە دایکی خۆم، گوتم ئێستا خۆم دەکوژمەوە، دکتۆران گوتیان بۆ خۆت دەکوژییەوە، دوو مانگ و نیو پێش ئەوەی زگم دەجوولاَ هەستم بە شتێکی دەکرد، بەڵام نەمدەزانی ئەوە منداڵە، لە لای زڕدایکم باسم کرد ئەو گوتی مەترسە ئەگەر شتی وابایە هەتا ئێستا زگت گەورە دەبوو، ئاخیری دایکم ئەو منداڵەی لەخەستەخانە دیت، ئەو چووبووە دەرێ هەتا هاتەوە منداڵەکە پەیدا بوو، من چوومە سەر تەختەکەی تەنیشتم، دایکم هاتەوە چاوی بە منداڵەکە کەوت و گوتی ئەوە هی کێیە؟ منیش ناچار بووم پێم گوت ئەوە هی منە، دایکم بۆ ماوەیەك دوای ئەوە دیار نەبوو، منیش هاتم بێمە دەرەوە دکتۆرەکان دەرگایان لەسەر داخستم، منیش کردمە قارەقاڕو دەرکەم کردەوە گوتم دەچم ئاو دەخۆمەوە، بەو فێڵە هاتمە دەرەوە و برایەکەم منی دیت دووربەدوور، گوتمە برایەکەم وەرە دەستم بگرەو بمبەوە، بەڵام پۆلیسەکان منیان گرت و برایەکەم نەیدەزانی بۆچی منیان گرتووە و نەیانهێشت براکەم لێم نزیك بێتەوە، وەختێك منیان بردە مەرکەز پۆلیس، کەسوکارم هاتن گوتیان کچەکەی خۆمان دەبەینەوە، لەترسی براکەم و خزمەکانم منیان هێنا بۆ ئێرە.

* ئەگەر منداڵەکەت بدەنە خێزانێکی دیکە پەروەردەی بکەن تۆ رازیت؟

– نە هەرگیز قبووڵی ناکەم ئەو منداڵە هیچ تاوانێکی نییە، ئێمە گوناحمان کردووە و خەتای خۆمانە دەنا ئەو شتە رووی نەدەدا. کەسوکارم زۆر بڕوایان بە من بوو، دایك و برام ئەگەر لە نێو سەت زەلامدا دانیشتبام قەت نەیاندەگوت بۆ دادەنیشی، هیچ کوڕێك حەددی نەبوو بێتە بەرامبەرم، بەس نازانم چۆن تووشی ئەو گوناهە بووم و نازنم چۆن خۆم رزگار بکەم؟ من تاوانبارم نەك ئەو منداڵە......